





# نۆكیا و دوو مۆبایلی هەرزانبایی

له جیهانی پەرەسەندنی مۆبایله هۆشمەنده پێشکەوتووەکان، کەمتر هەیە ئاوڕ بە مۆبایله هەرزانباییەکان بدرێتەوە، لەم سەردەمەدا گەڕان بە دوای تایبەتمەندی پێشکەوتوو و هۆشمەند گرنگترە لەوەی مۆبایلێك بێت تەنیا ئەرکی پەیوەندی ئەنجام بدات، بەڵام لەم دواییەدا کۆمپانیای نۆکیا دوو مۆدێلی مۆبایلی هەرزان بایی بەناوەکانی asha 205, 206 بەرهەمهێنا، کە هەردوو مۆدێلەکە دوو سیمکارت دەخوێننەوە، بەڵام مۆبایله هەرزانباییەکانی ئێستا وەك هی پێشوو نین، بەڵکو زۆر تایبەتمەندی مۆبایله پێشکەوتووەکانیان تێدایە، بۆ نموونە مۆدێلی 205 ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە، کردنەوەی سایتەکانی ئەنتەرنێت و بوونی کیبۆردی جۆری Qwerty و شاشەی 2.4 ئینجی کە دوگمەیەکی تایبەتی بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکی تێدایە. جگە لەوەش سیستەمی پەیوەندی G2 و بلوتوس و کامێرای جۆری VGA هەیە، گرنگترین تایبەتمەندیی مۆبایلەکە خۆراگری باترییەکەیەتی کە لە کاتی ئاساییدا هەتا 10 رۆژ پێویستی بە شەحنکردنەوە نابێت، پرۆگرامی تایبەت بە وەرگرتنی ئیمێلی گوگل واتە Gmail هەیە و 40 یاریشی تێدایە.

نۆکیای جۆری 206 یش مۆبایلێکی بچووکە و ئاساییە شاشەکەی 2.4 ئینجە. کامێراکەی 1.3 میگاپیکسلە و دوو سیمکارت دەخوێنێتەوە. هەردوو جۆری مۆبایلەکە له سیستەمی ئاشا سوود وەردەگرن و شایانی باسە نرخی هەرکامیان ناگاتە سەد دۆلاری ئەمەریکی.



# تەبلێتێکی گونجاو بۆ منداڵان

لەم رۆژانەدا بازاڕی جۆرەکانی تەبلێت و ئامێرە دیجیتالییەکانی تایبەت بە منداڵان زۆر گەرمە، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتالی لەم بوارەدا لە رکابەریدان. کۆمپانیایەك بەناوی Ematic بەم دواییە تەبلتێکی نوێی بەناوی FunTab بۆ منداڵان بەرهەم هێناوە، ئەو تەبلێتە دیزانێکی سەرنجراکێشی هەیە کە بۆ منداڵان زۆر گونجاوە، بەهۆی دوو یەدەی گونجاو کە پەنجەی ناسکی منداڵانە تێیدا جێگیر دەبێت، بە ئاسانی هەڵدەگیردرێت، پرۆگرامی ئەنتەرنێتی تایبەت بەمنداڵانی تێدایە و هیچ کاتێك ئەو سایتانە ناکاتەوە کە زیان بە رەوشت و باری پەروەردەی منداڵ دەگەیەنێت. شاشەکەی 7 ئینجە و تەواو لەمسییە، رامەکەی 512 میگابایتە وشوێنی دانانی کارت میمۆری هەیە، هەروەها هەستەوەرێکی ژیرسکۆپی هەیە کە بۆ سوڕانی ئۆتۆماتیکی وێنەکان سوودی لێوەردەگیردرێت. جگە لە وێب کەم کامێرایەکی لە پشتەوە هەیە.



# تەختەرەشە
# لە سەردەمی دیجیتالیدا

کەممان هەیە یادگاری و بیرەوەری نەبێت لەگەڵ تەختەرەشەی قوتابخانە، ئەو پارچە تەختەیەی کە بە بۆیەکی رەش رەنگ کرابوو، بە تەباشیرێکی سپی وانەکانمان لەسەر دەگوتەوە یان دەخوێند. چەند ساڵێکە تەختە سپی واتە "وایت بۆرد" شوێنی تەختەرەشەی گرتۆتەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا کە خەریکە کتێبی وانە خوێندن نەمێنێت و ببێتە تەبلێت و لاپتۆپ، شوێنی تەختەرەشە و تەختەسپی سکرینی دیجیتالی دەیگرێتەوە..

کۆمپانیای شارپ نوێترین شاشە و تەواو لەمسی بەرهەم هێناوە کە دەکرێت بۆ وتنەوەی وانە سوودی لێوەربگیرێت، هەرچەندە سایزی شاشە سمارتەکە بۆ دەرس وتنەوە بچووکە، واتە 20 ئینجە، بەڵام دەکرێت وەك نموونەی شاشەی وانەوتنەوەی داهاتوو سەیر بکرێن. شاشەکەی شارپ کە بە LL-S201A ناسراوە، پێنووسێکی تایبەتی لەگەڵدایە، بەهۆیەوە دەتوانرێت لە یەك کاتدا 10 شوێن لە سەر شاشەکە کاری لەسەر بکرێت، واتە لە یەك کاتدا دە فەرمانی پێدەکرێت. هەروەك ئاماژەی پێدرا ئەم شاشەیە دەکرێت وەك وایت بۆردی قوتابخانە یان وەك تابلۆیەك بۆ هونەرمەندانی گرافیکی سوودی لێوەربگیرێت.

# کاتژمێرێکی هۆشمە




چەند ساڵێك دەبێت بەهۆی زۆر بوونی ئامێرە دیجیتالییە نوێیەکانی وەك مۆبایل و کامێرا و لاپتۆپ و تەبلێت، پێویستی و داواکاری لەسەر کاتژمێری دەست کەم بۆتەوە، ئیدی پێویست ناکات بۆ زانینی کات سەیری کاتژمێری دەست بکەیت، چونکە هەموو مۆبایلێك کاتژمێر و رۆژمێری تێدایە و تەنانەت باشتر لە کاتژمێری دەست هەر کاتێك نیازیشت هەبوو ئاگادارت دەکاتەوە و زەنگ لێدەدات! بەڵام کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی کاتژمێریش هەوڵیان داوە خۆیان لەگەڵ جیهانی تەکنەلۆژیای نوێ بگونجێنن و بە جۆرێك کە کاتژمێرەکانیان بەرهەم بێنن کە لەو کاروانە بەجێ نەمێنن!

کۆمپانیای کاسیۆ کە مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە لە بەرهەمهێنانی کاتژمێری دەست، لەم دواییە نوێترین کاتژمێری



# شەحنکەرەوەیەکی هەتاوی بۆ ئامێرە دیجیتالییەکان

خۆر سەرچاوەیەکی وزەی لەبڕان نەهاتوویە، لەو چەند ساڵەی دواییدا هەوڵێکی زۆردرا کە وزەی خۆر شوێنی وزەی کارەبا و وزەکانی دیکە بگرێتەوە، کۆمپانیایەکی ژاپۆنی لە دواهەولّیدا ئامێرێکی بەرهەم هێناوە کە لە شێوەی دار دەچێت و گەڵاکانی وزە لەخۆر وەردەگرن و ئەو وەزەیەش باتری ئامێرە دیجیتالییەکان بارگاوی دەکاتەوە. داری Electree بە دیزاینە سەرنج راکێشەکەی دەتوانێت بەتەواوی بێ نیازتان بکات لە وزەی کارەبا.

داره 27 گەڵاکە بۆ شەحن بوونەوەی خۆی پێویستی بەوەیە کە رۆژێك و نیو لەبەر هەتاو بێت، دواتر دەتوانیت تەبلێت، مۆبایل، کامێرای دیجیتالی و تەنانەت لاپتۆپ و ئامێرەکانی دیکەشی پێ شەحن بکرێتەوە.

جگە لەوەی کە شوێنی کێبلّی USB هەیە، لە خوارەوەش واتە ژێرسێبەری گەڵاکانی دەکرێت راستەوخۆ بەبێ بوونی هیچ وایەرێك مۆبایلەکان ئامێرەکان شەحن بکاتەوە.



# ئاسانتر سوود لە ئینتەرنێت وەربگرن

جیهانی ئینتەرنێت جیهانێکی سەرنجراکێشە و هەر ئەمەشە وادەکات زۆر کات خۆمان لەبیر بکەین و چەندین کاتژمێر لەو جیهانە نەیەینە دەرەوە. ئەم جیهانە سەرنجراکێشە و ئەفسووناوییە، لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆوەو دیوە، لە پرۆگرامی ئیکسپلۆرێر کە پرۆگرامێکی مایکرۆسۆفت بوو بۆ کردنەوەی سایتەکان هەتا پرۆگرامەکانی وەك گوگل کرۆم و فایرفۆکس و تەنانەت خودی ئیکسپلۆرێریش بەرگێکی نوێی لەبەر کرد و بە جۆرێکی دیکە و توانایەکی دیکەوە خۆی دەرخستەوە، پرۆگرامەکانی کردنەوەی سایتەکان وەك گوگل کرۆم و فایرفۆکس پرۆگرامی لاوەکی زۆریان هەیە کە توانا و کاراییەکی دیکە بەوان دەبەخشن کە هەرکام لەوانە ئەرکێکی گرنگ ئەنجام دەدەن بۆ نموونە پرۆگرامی لاوەکی Readability.

زۆر جار هەیە کە دەقێکی ئێنتەرنێت دەخوێنینەوە، بەهۆی ئەوەی کە دیزاینی سایتەکە سەرنج راکێش نییە، زۆر تووشی کێشە دەبین، بەڵام بەهۆی پرۆگرامی ناوبراو کە دەچێتە سەر پرۆگرامی گوگڵ کرۆم و فایرفۆکس، دیزاینی سایتەکە دەگۆڕدرێت و بە ویستی بەکارهێنەرەکەی دەبێت، بۆ نموونە دەکرێت رەنگی باکگراوەندەکە بگۆڕدرێت، سایزی فۆنتەکان بگۆڕیت، دەکرێت لاپەڕەکانیش بۆ بەشداربووانی دیکە بەرێ بکەیت.



# ـــد تایبەت بە ئایفۆن


هۆشمەندی بەناوی GB6900AA G-Shock بەرهەم هێناوە کە تایبەتە بە پەیوەندی لەگەڵ مۆبایلی جۆری ئایفۆن. کاتژمێرێکە خێراترین سیستەمی بلوتوسی لەسەرە واتە بلوتوس4 و بەهۆیەوە ئاگاداری خاوەنەکەی دەکاتەوە لەو کورتە پەیام و ئیمێلانەی کە بۆ ئایفۆنەکەی دێن. هەروەها فەرمانێکی تێدایە بەناوی دۆزینەوەی ئایفۆن کە ئەگەر دوگمەی تایبەت بەو فەرمانە دابگریت بەدوای ئایفۆنە بزربووەکەدا دەگەڕێت.

هەر کاتێك بچیتە هەر وڵاتێك کاتژمێرەکە ئۆتۆماتێکی کاتژمێرەکە لەسەر کاتژمێری ئەو وڵاتە رێك دەخات. کاتژمێری ناوبراو یەکێکە لە پتەوترین کاتژمێرە هۆشمەندەکان لە قوڵایی دەریاشدا ئاو ناچێتە ناوییەوە و تێکناچێت و هەروەها باترییەکەی هەتا 2 ساڵ پێویستی بە گۆڕین نییە.





# سایتێک وێنەی ڕەش و سپی دەکاتە ڕەنگاوڕەنگ





ساڵیانی ساڵ کامێرای وێنەگرتنی ڕەش و سپی خزمەتێکی زۆری مرۆڤایەتی کرد، مێژووی کامێرای ڕەش و سپی زیاتر لە سەدەیەکە، لە شەڕە گەورەکانی جیهاندا، بەتایبەتی لە هەردوو یەکەم و دووەم شەڕی جیهانی، ڕۆڵی کامێرای ڕەش و سپی زۆر گرنگ بوو، هەندێك کەس ئێستاش لەسەر ئەم بڕوایەن کە وێنەی ڕەش و سپی چێژی لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ زیاترە...

لەم دواییەدا بەداهاتنی کۆمپیوتەر و پرۆگرامە گرنگ و بەهێزەکانی تایبەت بە دەستکاری و گۆڕانکاری لەوێنەدا، زۆر کەس هەوڵیدا بەرگێکی نوێ لەبەر وێنە کۆنە ڕەش و سپییەکانیان بکات و بیانکات بە وێنەی دیجیتالی و ڕەنگاوڕەنگیان بکات، پرۆگرام گەلێك هەن کە دەتوانن وێنە ڕەش و سپییەکان بکەن بە ڕەنگی، بەڵام توانایی و شارەزایی و زاڵبوون بەسەر ئەو پرۆگرامانە پێویستە.. بەڵام ئێستا سایتێك زۆر بە ئاسانی و بەبێ گرفت دەتوانێت وێنە ڕەش و سپییەکان بکاتە بە ڕەنگاوڕەنگ..

سایتی www.blackmagic-color.com ئەو سایتە کە بە ئاسانترین شێوە وێنەکانتان دەکاتە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، پێویستی بە هیچ شارەزاییەك نییە، هەر ئەوەندە بەسە کە ئەو وێنەی مەبەستتە بە سایتەکە ی بیسپێریت و سایتەکەش لە یەك چرکەدا وێنەکە دەکاتە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ..

# پرۆگرامێکی سوودمەند بۆ گۆڕانکاری لە فایلی دەنگدا



کۆمپانیای cyberlink یەکێك لەو کۆمپانیا بەهێزانەی بەرهەمهێنەری پرۆگرامی کۆمپیوتەرە، پرۆگرامەکانی کۆمپانیای ناوبراو لە هەموو بوارەکاندا لە ریزی پرۆگرامە پێشکەوتووەکاندان. یەکێك لە نوێترین پرۆگرامەکانی کۆمپانیای ناوبراو پرۆگرامی audio directorە، پرۆگرامێکی زۆر باش و سوودمەند و کارا لە بوارەکانی تۆمارکردنی دەنگ، گۆڕانکاری پێکهێنانی لە فایلی دەنگیدا، گۆڕینی فۆرماتی فایلی دەنگی. پرۆگرامەکە لە توانایدا هەیە بە باشترین و بەهێزترین کوالیتی گۆڕانکاری لە دەنگی ناو فیلمەکاندا پێکبێنێت، بۆ کاری دۆبلاژ لە ریزی پرۆگرامە سوودمەندەکاندا دێت. دەکرێت ئیفێکتی سەرنج ڕاکێش بۆ سەر فایلە دەنگییەکان زیاد بکەی. پرۆگرامەکە بۆ ئەوانەی کاری ستۆدیۆ و تۆمارکردنی دەنگ وەك تۆمارکردنی بەرهەمێکی هونەری دەکەن زۆر سوودمەندە. بە کورتی تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە لەو خاڵانەدا کورت دەکرێتەوە:

- دەستکاری کردنی فایلی دەنگ بەو جۆرەی کە مەبەستتە.
- پشتیوانیکردن و خوێندنەوەی گشت فۆرماتێکی دەنگ.
- توانای دانانی فایلە دەنگییەکان بۆ سەر خزمەتگوزارییە ئۆنلاینەکان.
- بوونی دەیان ئیفێکتی دەنگی بەمەبەستی کارکردن لەسەر موسیقا.

# کۆمپیوتەری یەکپارچە شوێنی کۆمپیوتەری سەرمێز دەگرنەوە

کۆمپانیای ئاسۆس، ماوەیەکی لەمێژنییە خەریکی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری یەکپارچەیە، کۆمپیوتەری یەکپارچە هەمان کۆمپیوتەری سەرمێزە، بەڵام گشت پارچەکانی لە یەکپارچەدا کۆکراونەتەوە، واتە کەیس و مۆنیتۆر لەباڵیەکدان، ئەم جۆرە کۆمپیوتەرانە هەم باشتر خۆراگرن و هەم تەمەنیان زۆرترە. نوێترین کۆمپیوتەری یەکپارچەی ئاسۆس کۆمپیوتەری جۆری ET2013یە، ئەم جۆرە کۆمپیوتەرە دیزاینێکی سەرنجراکێش و تایبەتی هەیە، شوێنێکی زۆر کەم دەگرێت لەسەر مێز، هەروەها توانای چەند لەمسی هەیە، واتە دەکرێت لە یەك کاتدا چەندین فەرمان ئەنجام بدەیت، هاردەکە 500 گیگابایتە و جگە لەوەش رامەکەی 8 گیگابایتە، دیسکی بلورەی دەخوێنێتەوە، شوێنی دانانی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی هەیە، شاشەکەی 20 ئینجە کە بۆ کاری گرافیکی و دیزاین زۆر گونجاوە، جگە لەوەش وەك تەلەڤزیۆنیش سوودی لێوەردەگیرێت و هەموو کەناڵێکی دیجیتالی دەکاتەوە، هەروەها توانای ناسینی روخسار و شێوەی هەیە واتە سیستەمی Smart logonی لەسەرە.

# خاوەن لاپتۆپەکان پێویستە ئەو خاڵانە وەبەرچاو بگرن



گەر حەز دەکەیت ماوەیەکی زیاتر سوود لە لاپتۆپەکەت وەربگریت و تووشی هیچ گرفتێك نەیەت، دەبێت بە باشــی ئاگات لێبێت، هەربۆیە ئەم خاڵانە لە پاراستن و راگرتنی لاپتۆپدا گەلێك گرنگن.

1- هیچ کات لاپتۆپەکەت بۆ ســەر جێگای نووستن لەگەڵ خۆت مەبە. کاتێك کە لاپتۆپەکەت لەســەر دۆشــەك و بەتانی دادەنێیت، چونکە دۆشەك و بەتانی نەرمــە ئەوەش دەبێتە کونی پەنکەی لاپتۆپەکە بگرێت و نەهێڵێت هەوای گەرم لە لاپتۆپەکە دەربچێت، دەرچوونی هەوای گەرم لە لاپتۆپەکە دەبێتە هۆی تێکچوونی پارچەکانی ناو کۆمپیوتەر.

2- ئاگات لە باتری لاپتۆپەکەت بێت، زۆر لە بەکارهێنەرانی لاپتۆپ ئەو راستییە نازانن کە بۆ ئەوەی کە تەمەنی باتری زیاتر بێت، دەبێ لانی کەم مانگێ جارێك بەبێ کارەبا ســوود لە باتری وەربگریت تا بەتەواوی شــەحنی باترییەکە دادەبەزێت، ئــەم دابەزینی یەکجارییە دەبێتــە هۆی ئەوەی کە گیانێکی نوێ بۆ لاپتۆپەکە بگەڕێتەوە.

3- هەمیشــە لەســەر لاپتۆپەکەت ئەنتی ڤایرۆس هەبێت، دانانی باشــترین ئەنتی ڤایرۆس لەســەر لاپتۆپ زۆر گرنگە، بەتایبەتی گەر بەردەوام ســوود لە هێڵی ئەنتەرنێت وەردەگریت، ئەنتی ڤایرۆسەکان دەتوانن لاپتۆپەکەت لە پرۆرگرامی تێکدەری هاردوێر و سوفت وێر بپارێزن.

4- شاشــەکەی لاپتۆپ بەردەوام خاوێن رابگرە، دوای تــەواو بوون لە کارەکانت بە لاپتۆپەکەت بەتەواوی هەم کیبۆردەکە و هەم شاشەکەی خاوێن رابگرە، تۆز و خۆڵ دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەم کیبۆردی لاپتۆپەکە و هەم شاشەکەی تێك بچێت.

5- شــتی قورس لەسەر لاپتۆپ دامەنێ، دانانی شتی قورس وەك کتێب و رۆژنامە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کیبۆردەکە زەخت بۆ شاشەکە بێنێت.

6- هەمیشــە کێبڵەکان بە ئارامی لە لاپتۆپەکە بخە، زۆر لە خاوەنانی لاپتۆپ ئەوەندە بە پەلەن و زۆر بە خێرایــی کێبڵەکان وەك کێبڵی کارەبا و کێبڵی یۆئێس بی لە لاپتــۆپ دەخەن نازانن رەنگە ئەو خێراییە ببێتە هۆی کە بەهۆی زەختەوە وایەرەکان و کەلێنەکان تێك بچن.

## کیبۆردێک بۆ هەموو جۆرە تەبلێتێک

تەبلێت ئەگەرچی بەهۆی کێشــی کەم و دیزاینەکەی هەڵگرتن و راگواســتنی ئاسانە، بەڵام گرفتێك لە تەبلێتدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە کیبۆردی واقعی نییە و تەنیا کیبۆردی مەجازی هەیە، راســتە دەکرێت لە کیبۆردی کۆمپیوتەریش بۆ تەبلێت ســوود وەربگریت، بەڵام کیبۆردی کۆمپیوتەر بۆ هەڵگرتن و راگواستن گونجــاو نییە، هەربۆیە بەم دواییــە کۆمپانیایەکی ژاپۆنی بەناوی Buffalo کیبۆردێکی نوێی تایبەت بە تەبلێتی بەناوی BSKBB15 هێناوەتە بەرهەم، کە لە بەئاسانی هەڵدەگیرێت. بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە لەگەڵ تەبلێتەکە پەیوەند دەدرێت و لەگەڵ هەموو جۆرە سیســتەمێکیش دەگونجێــت، کێشــەکەی تەنیا 155 گرامە، لــە ناوەندرا دەنووشتێتەوە تا بە ئاسانی هەڵبگیرێت.





# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکــی بەڕێز دەپرســێت، من زۆر لەمێــژ نییــە لاپتۆپێکــی نوێــم کڕیــوە، تایبەتمەندییەکانــی هاردوێر (ســەختەئامراز)ی کۆمپیوتەرەکــەم لەســەرێیە، بــەڵام کەچــی کاتێــك کۆمپیوتەرەکەم پێدەکەم، ماوەیەکی زۆر دەخایەنێــت تا دێتە ســەر ویندۆز، ئایا ئەوە هۆکارەکەی بوونی ڤایرۆســە؟ یان هۆکارێکی دیکەیە؟ تکایە باسی گرفتی ئەو درەنگ هەڵبوونەم بۆ بکەن؟

خوێنــەری بەڕێز درەنــگ پێبوونی کۆمپیوتەر رەنگە جار هەبێت پەیوەندی بە ڤایرۆســەوە هەبێــت، بەڵام بە زۆری گرفتــی درەنگ پێبوونــی کۆمپیوتەر بەستراوەتەوە بە زۆری ئەو پرۆگرامانەی کــە لەکاتــی پێبوونــی کۆمپیوتەردا ئۆتۆماتیکی ئەکتیڤ دەبن، بۆ ئەوەی کە ئــەو گرفتەت نەمێنێت، پێویســتە هەردوو دوگمــەی win+R دابگریت، واتــە ئــەو دوگمەیــەی کــە هێمای پەنجــەرەی هەیە، دواتر دەســتەواژەی msconfig بنووســە، ئەوکات لیســتی ئەو پرۆگرامانەت دەکرێنەوە کە لەکاتی هەڵبوونــی کۆمپیوتەردا ئۆتۆماتیکی هەڵدەبن، بەراستی ئەوانەی کە پێویست ناکەن لە حاڵەتی ئۆتۆماتیکیان دەربێنە، دڵنیام کۆمپیوتەرەکــەت ئەو گرفتەی نامێنێــت، ئەگــەر هۆکارێکی دیکەی نەبێت.